# ئەنفالچییەکی ئوردنی حەز لەکچێکی کورد دەکات

**میدیا - عەممان/** مەجدی عوسمان حەز لەکچێکی ٢٣ ساڵی کورد دەکات، لەکاتێکدا کەئەنفالی پێ ڕەوایەو ناوی دوکانەکەشی (انفال)ە.

لەنزیك (جامعة مول) لەشەقامێکی عەممان ناوی دوکانێك بەلای کەسانی شارەکەوە ئاساییە، بەڵام بۆ کورد جێگەی سەرنجە. گەنجێکی باڵا بەرزی نەقەڵەو نەلاواز، وەك زۆربەی کوڕو کچانی ئەو شارە، لەنێو دووکانێکی مۆبایل و فرۆشتنی پێداویستییەکانی نووسین و هەندێ سیدی ئیسلامیداو وەستاوە، تابلۆی سەر دووکانەکەشی بەگەورەیی لەسەری نووسراوە (انفال). ئەو گەنجە مەجدی عوسمان خەلیلە.

چەند ساڵ پێش ڕووخانی ڕژێمی سەددام وەك جەنگێکی دەروونی دووجار دوو جۆر بسکوێتی بەناوی (الانفال)ەوە ناردە کوردستان، ئێستاش لەسەر شەقامی سەرەکی ناو شاری خاڵسدا تابلۆی مزگەوتێك بەناوی (الانفال) لەسەر شەقامەکە دانراوە، کەمزگەوتەکە خۆی زۆر دوورە لەشەقامەکەوە.

مەجدی عوسمان بەمەبەستی ئیستیفزازکردنی کورد ئەو ناوەی لەدووکانەکەی نەناوە، بەڵام باکیشی بەوە نییەو هیچ بەوە کاریگەر نابێ کەپێیدەگوترێ ١٨٢ هەزار کوردی موسڵمان لەژێر ئەو ناوەدا بێ سەرو شوێن و زیندە بەچاڵکران و، دەڵێ "من زۆر قەسابخانەو مەرگەساتی دیکەی خەڵکم بیستووە".

زۆر لەخەڵکی ئوردن بەتایبەتی فەلەستینیە دانیشتووەکانی ئوردن زۆر لاگیری سەددام دەکەن، بەڵام مەجدی عوسمان کە بەئەسڵ هەر ئوردنییە لەڕوانگەی ئاینییەوە لایەنگیری ئەنفال دەکاو لەو بارەوە بۆ (میدیا) گوتی "من لایەنگیری ئەنفال دەکەم، چونکە قورئان حەڵاڵی کردووە". ئەوەی جێگەی سەرنجێکی دیکەیە مەجدی حەز لەکچێکی کورد دەکات بەناوی "گەشاو"، دایك و باوکی گەشاو هەردووکیان کوردن و زیندوون، ماوەیەك لە لەندەن ژیاون و ئێستا لەئوردن دەژین. گەشاو تەمەنی ٢٣ ساڵەو دەرچووی کۆلیژی دەرمانخانەیە. هەردوولا حەز لەیەکتر دەکەن و ماڵی هەردوولاش بەوە دەزانن. مەجدی بەنیازە بەمزووانە بچێتە داخوازی گەشاوو بیگوازێتەوە.



دوکانی ئەنفال لە عەممان (میدیا)

# لە قاهیرە ئاڵای ئیسرائیلم لەسەرەوەی ئاڵای هەموو عەرەبدا بینی

زاهیر محەممەد کۆیی


زاهیر محەممەد کۆیی لە قاهیرە

زۆر عەیب و شوورەیی و شەرمەزارییە بۆ یەکێك کەرەخنەو گازەندەی زۆر توند لەیەکێکیتر بگرێت لەسەر ڕەوشتێك یاخود قسەیەك یاخود هەڵوێستێك کە خۆی پڕاو پڕ بێ لە جۆرە ڕەوشت و قسەو هەڵوێستی زیاتر لەوە.. یاخود نەتەوەو میللەتێك بێت ڕەخنە لەگەلێکی تر بگرێت و بەشۆڤێنی و خائین لەقەڵەمی بدات کەچی خۆیان لەهەموو میللەتان شوڤێنیترو زاڵم و ناڕێکتربن.

ئەو پێشەکییە لەسەر ئەو هەڵاو هۆریایەی هەندێ یاخود زۆربەی عەرەبە "بەناو موسڵمانەکان" بەرپایان کردووە سەبارەت بەو لێدوان و قسانەی سەرۆك مەسعود بارزانی کە لەگەشتەکەی بۆ وڵاتی کوێت کردبووی دەربارەی پێوەندیو کردنەوەی کونسولیەتی ئیسرائیل لەکوردستان، بەمەرجێك ئەگەر بێتو دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ پێوەندی باش بێت لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل و رازیبێ ئیسرائیل باڵیۆزخانەی هەبێ لەبەغدا زۆر ئاسایی دەبێت لەکوردستانیش کۆنسوڵگەری هەبێت.

لێرەدا دەمەوێ شتێکی ڕاستەقینە بگێڕمەوە کەهەمووی لەماوەی کەمتر لە "٢" مانگ خۆم و هەڤاڵێکم "جەوهەر ئەحمەد شاواز کە پێکەوە ئەندام پەرلەمان بووین لەدەورەی یەکەمی پەرلەمانی عێراقدا" دەڵێم کەمتر لە دوو مانگ پێش ئەمڕۆ لە دوو حاڵەتی سەیرو سەمەرە تووشی بووین ئەویش ئەوەیە: بەتەواوەتی پێش دوو مانگ واتە لە ٢٠٠٦/٣/٢٤ چووین بۆ وڵاتی میسر (قاهیرە) بۆ گەشتێك.. ڕۆژانە دەگەڕاین و شوێنە گرنگەکانمان بەسەر دەکردەوە بۆ دیتن لەو شارەدا. ڕۆژێکیان ویستمان بچین بۆ بازاڕی (خان الخليلی) و شەقامی (محەممەد عەلی پاشا).. کە لەهوتێل هاتینە خوارەوە کات ٩ی بەیانی بوو.. لەوێ "١٠"ی بەیانیان دوکان و بازاڕ بەتەواوەتی دەکرێتەوە.. تاکسیەکمان گرت. کابرای شوفێر گوتی ماوەی ئەو سەعاتە گەڕانێکتان پێدەکەم بەناو شاری قاهیرەو زۆر جێگای گرنگتان پێ نیشاندەدەم تاکو بازاڕ دەکرێتەوە وەك مۆزەخانەی فیرعەونەکان کە پێشتر دیتبومان، ڤێللای نەجیب مەحفوزی نووسەری بەناوبانگ و هۆڵ و باخچەکانی "ئەزبەکیە" کە هونەرمەندی بەناوبانگی میسر (أم كلثوم) زۆربەی ئاهەنگەکانی لەوێدا سازکردووەو چەند شوێنێکیتر.. بەشەقامێك دا ڕۆیشتین کابرای شوفێر گوتی ئێرە "باڵەخانەی جامیعەی عەرەبییە" کۆمکاری عەرەبی لەنهۆمی سەرەوە سەرەوەی سەفارەتی ئیسرائیلیەو تەماشای ئاڵاکەی ئیسرائیل بکەن".. ئێمەش یەکسەر بەیەکەوە دامان لەقاقای پێکەنین و من گوتم "مبارك عليكم" کابرا گوتی (ليه شي عجيب- عگيب- بۆچی شتێکی سەیرە"؟! گوتمان: ئەرێ وەڵڵا "عگيب"، ئێمە کوردین و لەعێراقەوە هاتووین، بۆ هەر جارە عەیبە لەئێمە دەگرن و دەڵێن پەیوەندیتان لەگەڵ جولەکە هەیە کەواش نییە. بەڵام ئێوە خۆتان جولەکە لەسەرووی هەمووتانەوەیە؟! لەسەر هەموو عەرەبە کە دەکاتە جامیعەی عەرەبی؟ کابرا گوتی "نعم. أيوه عرب مهزومين روحيا. بەڵێ، ڕاستە، عەرەب لەڕووی گیانییەوە دۆڕاون". گوتیشی بۆ زانیاریتان من "٢" ساڵ لە عێراق لەموسڵ ئیشم کردووەو هەولێریشم دیوە.

حاڵەتی دووەم: دوای چەند ڕۆژێك چووینە شارۆچکەی گەشتیاری (شرم الشيخ) لەهوتێلی گەشتیاری دابەزیبووین، هەر لەو کاتەش کۆمەڵێك پزیشکی ددانی (عێراقی) لەوێ بوون. کە بۆ کۆنفرانسێکی ددان هاتبوون بۆ میسر. ئەوانیش هەر لەم هوتێلە بوون لەنزیك ئێمەوە. وابزانم "٤" کوردیشیان لەگەڵدا بوو کەیەکێکیان ناوی (دکتۆر دلێر بوو لەهەولێرەوە هاتبوو) نوێنەرو بێژەرێکی کەناڵی "الشرقيه"ی بەغداشیان لەگەڵ دابوو. وابزانم خۆی واناساند کە نەقیبی سەندیکای پزیشکانی ددانە. هاتە لای ئێمەو گوتی دەمەوێ چاوپێکەوتنێکتان لەگەڵدا بکەم بۆ تەلەڤزیۆنی (الشرقيه) کە ئێوەش لەعێراقەوە هاتوون و بەتایبەتیش لەهەولێرەوە. هەڤاڵ جەوهەر گوتی فەرموو "منیش لەنزیکەوە ڕاوەستابووم". زۆر پرسیاری لێکردو لەسەر هەموو بابەتێك. گەشتیاری و، ڕەوشی عێراق و کوردستان، ئاستی ژیان، سیاسەت و ئابووری و... لەیەك لەپرسیارەکانی کۆتاییدا گوتی ئێوە چۆن قبوڵ دەکەن کوردستان ببێتە گۆڕەپانێکی "جولەکە"و بەئارەزووی خۆیان تەراتێنی تێدا بکەن و کۆمپانیاو نووسینگەی زۆرو مۆساد بەئارەزووی خۆیان پاوانیان کردووە..؟! بەڕاستی ئێمە زۆر گرژبووین و وەختابوو هەڵچین و کامێراو مایکەکەی لەدەست دەربهێنین، بەڵام کاك جەوهەر گوتی: وەڵڵاهی ئێوەی عەرەب قەت شەرم ناکەن هەتا ماون هەر پەروەردەی بەعس و سەددامن. هەر بەدرۆی ئەوان باوەڕ دەکەن و ڕوو لەڕاستی ناکەن. خۆ زەحمەت نییەو تۆ لەبەغدا دادەنیشی لەگەڵ ئەو برادەرانەت وەرە سەردانێکی کوردستان بکە بزانە شتی وا هەیە؟ خۆ ئەگەر گریمان بڵێین ڕاستیشە بۆچی بۆ ئێمە عەیب بێ کە هیچمان لەگەڵ دەوڵەتی "جوو" نییە، نەدوژمنایەتی و نەخاکی ئێمەی داگیرکردووەو نەئەنفالی کردووین، بەڵام بۆ ئێوەی عەرەب هەموو عەیب نییە وا ئاڵای ئیسرائیل لەهەموو پایتەختەکانی وڵاتە عەرەبییەکان دەشەکێتەوەو فەلەستینیش خۆیان پەیوەندییان لەگەڵیان هەیەو گفتوگۆ دەکەن لەگەڵ جوولەکە..؟

جا ئەوەیە بانێکەو دوو هەوا..

لەڕاستیدا دەبێ کورد قەت هەڵوێستی خراپی فەلەستینیەکان لەیاد نەکات بەرامبەر کورد کەقەت پشتگیریان نەکردووین و داردەستی سەددام بوون. کێ هەیە ناوو ئیرهابی مولازم (محسن)ی فەلەستینی نەبیستبێ لەڕۆژانی ڕەش و شومی بەعس؟

جارێکیان شاعیرێکی بەناوبانگی فەلەستینی (مەحمود دەروێش) تۆزێك غیرەتی جولا بوو شیعرێکی بۆ کورد نوسیبوو پشتیوانی گەلی کوردی کردبوو، ئەویش دوایی پەشیمان بۆوەو گوتبووی هەڵەم کردووەو نەدەبوو ڕێز لەکورد و کێشەکەی بگرم.

جا ئەمەیە شازی برایەتی کوردو عەرەب و هاوئایینمان براینە.

هەر لێرەشدا دەڵێم ئەرێ عەرەب ڕاست دەکەن بۆ خۆیان کە دەڵێن

**لاتنه عن خلق وتأتي مثله**
**عار عليك إذا فعلت عظيم..؟!**



قەڵەمی ژەهراڵیك

نەبەز گۆران

# ماڵی لادێ و حکومەتی شار
# پێشمەرگەی گوندو مەسئولی شار

بۆ ئەوانەی لەسەر خوانی لادێکان گەدەیان کرایەوەو شارەکانیان خوارد.

هەست ناکەن زۆرتان خوارد؟ پێتانوانییە هەموو ناعەدالەتییەك کۆتایی دێ و ستەمدیدەکان ستەمکارەکان شەرمەزار دەکەن؟ بێ تاقەت نەبوون لەکۆکردنەوەی سەروەت و سامانی خەڵك بەناوی خزمەتکردنەوە؟ ئارەزوو ناکەن ئیتر واز لەم ناعەدالەتییە بهێنن و بگەڕێنەوە سەر ئەسڵی خۆتان کەسادەیی و پاکی و هاونیشتمانیبوونە؟

خۆ لەبیرتان دێ کۆڵە پشتێك و ٦ مەخزەنتان هەڵدەگرت و دوو سنوورتان دەبڕی تابگەنە گوندنشینێك لەڕێی خواو کوردستان شۆربایەکتان بدەنێ بیخۆن، کەچی ئەمڕۆ بەچەتاڵ هێلکەی کولاو دەخۆن و بۆینباخەکانتان بەمۆدیلی فەرەنسی دەبەستن و بۆ لەرزو تایەك سەفەری دەرەوەی وڵات دەکەن، کوێڕا لەخۆتان گۆڕی؟!

جاران هەر ماڵە گوندییەك پارویێك نانی بخستایەتە بەردەم سکی برسیتان، یەك دنیا مەمنونی دەبوون و بەناوی حیزبەکەشتانەوە سلاوێکی شۆڕشگێڕانەتان بۆ حەواڵە دەکردو لەکۆتاییدا دەتان نووسی سەبارەت بەپاروە نانەکەتان ئیتر بۆ پێشەوە، بەڵام ئەوەتا ئێستا شارەکانیش تێرتان ناکەن و پەلاماری کەلاکی نیشتمانیشتان داوە، حەزتان لەباشترین سەیارەو باشترین خانوو و باشترین باری تەندروستی و ناسکترین سکرتێرەیەو باسی لادێکانیشتان بۆ بکەن، دەم و چاوتان ئەدەن بەیەکداو خۆتان بەکوڕەزای بابانییەکان و شێخی چۆڵی لەقەڵەم دەدەن، چی ڕوویدابوو ئاوا خۆتان لەبیرکرد؟! گەر ئێوە ژیانی ئۆردوگاکانتان بیرچووەتەوە، من بیرم نەچووەتەوە، ئەو کات بەهەموومانەوە نانی ژەمێکمان نەبوو، بیخۆین، گەر عاجز نابن بۆ پێم نالێن گەنجینەکانتان بۆ زیاترە لەگەنجینەی قاروون، باوەڕیش ناکەم لەسەرەتاوە شەریکی بازرگانە خەفافەکانی سلێمانی و تورکمانەکانی هەولێر بووبن، ئیتر عەیبی تێدانییە دان بەگەندەڵییەکانتان دابنێن.

هەتا بۆتان کرا سفرەی ماڵە هەژارەکانی لادێکانتان بەناوی شۆڕشەوە دڕاند، ئێستاش بەناوی خزمەتکردنەوە شارەکانتان تاپۆ کردووەتە سەر خۆتان، زەحمەت نەبێ کەی شوێنە دێرینەکانی نیشتمانیش تاپۆ دەکەن بەناوی منداڵەکانتانەوە.

کاتێك تەماشای ئێوە دەکەم تەنیا دەتوانم بڵێم بەداخەوە شۆڕش کارگەیەك بوو بۆ بەرهەمهێنانی مەخلوقی گەندەڵ! نەك جارێکی تر منەتمان بەسەردا بکەن، هەر چیتان کردبوو بەزیادەوە وەرتان گرتەوە، چەند برسیەتیتان چەشتبوو، دەهێندە خۆتان تێرکرد، ئەوەی بەخێشبووتان لەسەدان لاوە وەرتان گرتەوە، چەند ماندوو ببوون لەسەر تەرمی ئێمە، هەزار هێندە ئیسراحەتتان کرد، خۆ باش یەکتر دەناسین، هەر هیچ نەبێ تائێرە بابەس بێت، ئیدی بەناوی شۆڕش و خزمەتکردنەوە دەستتان لەسەر قورگی ئەم میللەتە لابەن، چونکە هەموو شتێك کۆتایی دێ.

# رۆژێك لەگەڵ کچی کورد بێنەزیر بۆتۆدا



دوای ئەوەی نووسینێکی سەرنج راکێشی لێکۆڵەری هێژا رۆهات ئالاکۆمم لەسەر (بەگوم نوسرەت بوتۆ)ی دایکی بێنەزیر بوتۆ خوێندەوە، منیش ویستم

بروسك پاشڤان

کەنەدا

بیرەوەرییە تایبەتییەکانی خۆم لەگەڵ بێنەزیر بوتۆدا لەگەڵ ئێوەدا بەشبکەم.

لەمانگی مایسی ٢٠٠٢دا لەگەڵ بەڕێز موراد بۆزلاکی سەرۆکی HADEP بۆ بەشداریکردن لەکۆبوونەوەی گشتی ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیست چووینە شاری بەناودەنگی کازابلانکا لەمەغریب. ئەو کۆبوونەوەیە بۆ کوردان خاوەن گرنگییەکی تایبەتی بوو، چونکە لەوێدا HADEP وەکو ئەندامی ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیست هاتە قبوڵکردن. بەراستی بۆ شاندی کوردی سەرفرازییەکی گەورە بوو کە پارتەکەی ئەوان دوای چەندین ساڵ کارو هەوڵدان گەیشتە ئامانجی خۆیو بووە ئەندامی یەکێك لەگرنگترین رێکخراوەکانی جیهان.

بێجگە لە قبوڵکردنی ئەندامێتی ئێمە لە ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیست دا، وەکو شاندی کورد موژدەیەکی دیکەشمان بەرکەوت. سەرۆك وەزیرانی پێشووی پاکستان، یەکێك لەژنە هەرە نێودارەکانی جیهان بێنەزیر بوتۆ بەئێمەی گوت کە دایکی کوردەو کچی کوردانە. ئەو کاتەی ئێمە لەجێگەی کۆبوونەوە بووین، لەناکاو دیتمان کە زۆر رۆژنامەڤان کە کامێرایان لەدەستدابوو، هەموویان بەدوای بینازیر خانمدا دەهاتنو بەپێی گوتەی بینازیر بوتۆ ئەویش بەدوای ئێمەدا دەگەڕا.

بەدیتنی ئەو بەراستی ئێمە گەلێك سەرمان سوڕما. هاتە نزیك ئێمەو گوتی "ئێوە شاندی کوردین؟" بەڕێز بۆزلاك وەڵامی دایەوە گوتی "بەڵێ ئێمەین". بوتۆ لێیگەڕاندەوەو گوتی "من لەئێوە دەگەڕام، ئەگەر وەختتان هەیە بەرووخسەتی خۆتان دەتوانین کەمێك پێکەوە دانیشینو قسە بکەین؟". ئێمەش گوتمان "بەسەر چاوان، بۆ ئێمە بەختەوەرییە یەکتری بناسین".

دوای ئەوە ئێمەو بێنەزیر خانم دانیشتینو دەستمان بەگفتوگۆیەکی گەرم کرد. لەوێ بێنەزیر گوتی، وەك دەمی پێشووش پێمگوتن ئەزیش کوردم. دایکم کوردی ئێرانە، خەڵکی شاری کرماشانە. دایکم ژنێکی زۆر سەرکەوتوو و عاقڵ بوو، من هەموو شتێکی خۆم لەدایکمەوە فێر بوومە. دڵی من لەگەڵ گەلی کورد دایە، من لەمێژە چاودێری تێکۆشانی ئێوە دەکەم. لەدڵەوە لەو بڕوایەدام کە ئێوە لەدوا رۆژێکی نزیکدا دەگەنە ئازادی خۆتان. ئێمە بەقسە جوانەکانی ئێوە زۆر دڵخۆش بووینو سەربڵند بووین. دوای ئەوە لێمان پرسی: مادام ئێوە کوردن بۆچی بەئاشکرایی کورد بوونی خۆتان راناگەیێنن، شتێکی وا دەبێتە هاندەرێکی مەزن بۆ کێشەی کوردو هێزێکی مەزن دەداتە تێکۆشانی ئێمە؟

بێنەزیر خەمبار بوو، گوتی "ئەز زۆر دەخوازم، بەڵام ناتوانم. ئێوە بۆخۆتان دەزانن من لەچ بارودۆخێکدامە. باوکم هاتە کوشتن، مێردەکەم لەزینداندایەو ئەزیش لەمەنفا دەژیم لەهەمووش گرنگتر پاکستانو تورکیا زۆر دۆستی یەکترن. ئەگەر ئەز کورد بوونی خۆم رابگەیێنم، ئەو کات ئەو شتە لەدژی خۆم بەکار دەهێنن. ئەوەش نە بۆ منو نە بۆ ئێوە هیچ سوودێکی نابێ. بەڵام ئێوە دەزانن دڵی من هەمیشە لەگەڵ ئێوە دایە".

گفتوگۆیەکەی ئێمە لەسەر بارودۆخی پاکستان، ژیانی بوتۆ، حیزبەکەی بەردەوام بوو. کاتێکی زۆر خۆشمان پێکەوە بردەسەر. دوای گفتوگۆیەکی گەرمو دۆستانە، وێنەی جوانیشمان لەگەڵ یەکتر گرتن. ئەو رۆژە بۆ ئێمە بووە رۆژێکی تایبەتو بەختەوەر کە یەکێك لەنێودارترین ژنانی جیهان کە خاوەن کاریزمایەکی زۆر گەورەیە، کورد دەرکەوت. ئەو ویستبووی ئێمە بناسیو هەستی دڵی خۆی بۆ ئێمە باس بکات. ئێمە بەناسینی بێنەزیر بوتۆو هەستو تێڕوانینەکانی زۆر سەربڵند بووینو بەدوو موژدەی گەورەو شیرین لەکازابلانکاوە گەراینەوە ولاتی خۆمان.

reshvan@gmail.com

## بێنەزیر بۆتۆ:

# بنلادن ١٠ ملیۆن دۆلاری بە بەرتیل دا بە ٢٠ پەرلەمانتار بۆ شکستپێهێنانی حکوومەتەکەم

بێنەزیر بۆتۆ لە ١٩٥٣ لەشاری کەراچی پاکستان لەبنەماڵەیەکی سیاسیی لەدایك بووە، باوکی سەرۆکی پاکستان بووەو لەحەفتاکانیشدا سەرەکوەزیران بووە، بێنەزیر لەزانکۆی هارڤاردو ئۆکسفۆرد زانستە سیاسییو ئابوورییەکانی خوێندووەو کاریگەریی باوکی لەسەر بووە، هەروەها کاریگەریی کۆمەڵگەی رۆژئاواشی لەسەر بووە بەو پێیەی ساڵانێکی زۆر لەوێ ژیاوە. بێنەزیر لەساڵی ١٩٨٨ بووە سەرکوەزیرانی پاکستانو ئەو کاتە تەمەنی ٣٥ ساڵ بووە، گەنجترین ژن بوو لەولاتێکی ئیسلامیدا ببێتە سەرەکوەزیران، بەڵام لە ١٩٩٠ سەرۆکی پاکستان حکوومەتەکەی لەکار خست دوای ئەوەی ئەو وڵاتە دووچاری پشێوییەکی سیاسیی توند بووەوەو بێنەزیرو مێردەکەی بە گەندەڵی تۆمەتبار کران، بەڵام دوای سێ ساڵ لەرێگەی هەڵبژاردنەوە لە ١٩٩٣ گەڕایەوە دەسەڵات، لە ١٩٩٦ سەرۆکی پاکستان فاروق لیگاری کە پێشتر هاوپەیمانی بوتۆ بوو فەرمانێکی بە لەکارخستنی حکوومەتی بوتۆ دەرکرد دوای ئەوەی دووبارە مێردەکەی رووبەڕووی تۆمەتی بەرتیل وەرگرتنو گەندەڵی بووەوە. بوتۆ ئێستا لەبەریتانیاو ئەمریکا لە تاورگە دەژیو چاوەڕوانی دەرفەتێکە تا بگەڕێتەوە پاکستان.

*** تۆ سەرەکوەزیرانی پاکستان بوویت، ئێستا لە نیویۆرکیتو دوبەی تاراوگە (مەنفا)تە، دەتوانی باسی ژیانی تاراوگەمان بۆ بکەیت؟**

– ژیان لە تاراوگە زۆر سەختە، بەردەوام بیرم لەوڵاتەکەمە، زۆریش غەریبی برادەرەکانم دەکەم، بۆ من کە هەموو ژیانی خۆم بەخشیوەتە هەندێ پرەنسیپی دیاریکراو ژیانی تاراوگە سەختە، ئێستا ناتوانم بە وڵاتەکەمدا بگەڕێمو لەگەڵ خەڵکەکەیدا کۆببمەوەو باسی پرسە گرنگەکانی پاکستانیان لەگەڵ بکەم، بەو پێیەی پاکستان لەرووی ژمارەی دانیشتوانەوە دووەم وڵاتی ئیسلامییە.

*** بۆچی (دوبەی)ت وەك تاراوگە هەڵبژارد؟**

– مێردەکەم دوبەی هەڵبژاردووە چونکە لە پاکستانەوە نزیکە، هەمیشە پێیدەگوتم "بۆچی منداڵەکانمان نەنێرینە دوبەی؟ دەتوانی لە کۆتایی هەفتەدا سەردانیان بکەیت چونکە زۆر نزیکە؟" رۆژێکیان فرۆکەکەم بەهۆی هەندێ کێشەی تەکنیکییەوە لە دوبەی نیشتەوە، پرسیارم لە خۆم کرد، بۆ نەیێمە ئێرە؟ ئەوەتا ئێستا لە دوبەین.

*** لەرووی ئابوورییەوە دوبەی زۆر پێشکەوتووە؟**

– ئەوە راستە، بەڵام کاتێ من هاتمە ئێرە زۆر هێمن بوو، ماڵەکان ژمارەیان پێوە نەبوو، رێژەی لمی کەنار ئاویش زۆرتر بوو، لەم ساڵانەی دواییدا بێگومان بەرێنوێنی سەرۆکی دەوڵەتی ئیماراتو سەرەکوەزیران پازدانێکی ئابووری یەکجار گەورە روویداوە، ئێستا خەڵکێکی زۆر لە هەموو شوێنێکەوە رووی تێدەکەن.

*** چەند منداڵت هەنە؟**

– سێ منداڵ.

*** تەمەنیان چەندە؟**

– کورە گەورەکەم ١٧ ساڵەو بەم زووانە خوێندنی ئێستای تەواو دەکاتو دەچێتە زانکۆ، کچێکیشم هەیە تەمەنی ١٦ ساڵەو بەمۆسیقاوە پەیوەستە، کچێکی دیکەشم هەیە تەمەنی ١٣ ساڵەو هەر خەریکی ئاژەڵی ماڵییە.

*** مێردەکەت ئەوەندە نابێت لەزیندان دەرچووە، هاوسەریتان ١٧ ساڵە بەردەوامە، دەبێ ئەوەشمان لە پێش چاو بێت ئەو ١١ ساڵ زیندانیی بووەو ئەوە چەند مانگێکی کەمە لێرە لە ئەمریکایەو تۆش لە دوبەی، لەوانەیە هەر ٤ ساڵ پێکەوە ژیابن کەچی نێوانتان زۆر پتەو دیارە، ئایا چۆن ئەو پەیوەندییە بەهێزەتان راگرتووە؟**

– کە منداڵ بووم دەیانگوت "دووریی دڵ لە یەك نزیك دەکاتەوە" بۆیە وابزانم ئەو دوورییەی ئێمەش کارێکی کردووە کە پتر پەیوەستی لایەنە باشەکانی یەکدی ببینو لەوانەیە ئەگەر پێکەوە بووینایە وردە وردە کێشەمان بۆ پەیدا بووایە داخۆ ماڵەکەمان چۆن برازێنینەوە یان چی بکەینو بۆ کوێ بچین.

*** کە ئەو لەزیندانو تۆ لەتاراوگە بوویت چۆن سەردانت دەکرد؟**

– بۆ نزیکەی پێنج شەش ساڵ نەمدیت، تەنیا لەرێگەی نامەوە پەیوەندیمان هەبوو.

*** ئەو نامانە چاودێریی دەکران؟**

– هەوڵم دەدا ئەو کاتانەی لەدادگە لەپێش دادوەر وەستاوە نامەکەی بگەیێنمە دەست، نامەکان کەمبوونو ماوەی نێوانیان زۆر بوو، کە نامەی دەگەیشتن منداڵەکانم کۆدەکردنەوەو بۆم دەخوێندنەوە، لەسەرێکەوە دڵخۆش دەبوومو لەلایێکیشەوە دڵتەنگ بەوەی لەنێوانماندا نییە، ئێستا بەدروستی گرنگیی رۆڵی باوك دەزانم لە گەشەکردنی منداڵاندا.

*** چۆن توانیت پەیوەندیی نێوان منداڵەکانتو باوکیان بە زیندوویی بهێڵیتەوە، لەکاتێکدا ئەوان تەنیا لەرێگەی نامەوە ئەویان ناسیوە؟**

– زۆربەی سەرکردە مەزنەکانی پاکستانو خوارووی ئاسیا ماوەیەکی زۆر لەزینداندا ماونەتەوە، ئەوێ وەك رۆژاوا نییە دەسەڵات ئاشتییانە دەستاودەست بکات، خەڵك لای ئێمە دەمارگیرنو خوازیاری پانکردنەوەی ئۆپۆزیسیۆنن، منداڵەکانم دەیانتوانی هەست بەو خۆشەویستییە بکەن کە خەڵکی دیکە بۆ باوکەکانیان هەیانەو ئەوەش یارمەتیدان تا لەگەڵ ئەو واقیعە بژین کە باوکیان زیندانییە، نێلسۆن ماندێلا زیندانی بوو، رۆژنامەکانی پاکستان بەمێردەکەی منیان دەگوت ماندێلای پاکستان، ئەوەش هۆکارێك بوو تا پتر رێزی باوکیان بگرن، ئەوان دەیانبینی کە باوکیان کەسێکە لە من ناودارتر.

*** ئیدی ئەو بووە پیاوی یەکەم بەرامبەر بە خانمی یەکەمی وڵات، هەڵوێستی چی بوو؟**

– تووڕە بوو، من لە ئیسلام ئاباد لەو خانووە دەژیام کە بۆ سەرەکوەزیران تەرخان کرابوو، ئەویش لەماڵەکەی خۆمان، کۆتایی هەفتە دەچوومە لایو ئەویش هەفتەی دوای ئەوە دەهاتە ئیسلام ئاباد، بەڵام هەرگیز حەزی بەوە نەکردووە لەژیانی گشتییو ئاهەنگە فەرمییەکاندا دەربکەوێت، ئەگەر گەشتێکم لەپێش بووایە دەبوا داوای لێبکەم لەگەڵم بێتە واشنگتن یان لەندەنو پێیم دەوت مێردی سەرەکوەزیران دەبێ ئامادە بێ.

*** کێ دەسەڵاتدارە؟**

– لەرووی سیاسییەوە من بەرپرسیارم لە سەرکردایەتی حیزبو بڕیاردان، مێردەکەم بیروبۆچوونی خۆی هەیە، بەڵام ئەو راستییەشی قەبووڵە کە من سەرۆکی حیزبم.

*** ئەمە گرنگە چونکە تەنانەت لەرۆژئاواش پیاو بەرامبەر بەو ژنانەی دەسەڵاتیان هەیە هەستیارن، چۆن ئەو لایەنەتان بەڕێدەکرد؟**

– راستییەکەی کارێکی سەخت بوو، ئێمە هەردووکمان کەسێتییەکی بەهێزو دەسترۆیشتوومان هەیە، هەر یەکەشمان لەبەرامبەر پرسە جیاوازەکاندا هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی خۆمان هەیە، بۆیە راگۆڕینەوە لەنێوانماندا لەوانەیە ببێتە مایەی پشێوی نانەوە، بەڵام لەکۆتاییدا مێردەکەم کەسێکی بابەتیو واقیعییەو بایی ئەوەندە ئازایەتیی هەیە پێگەی ژنەکەی قبوول بکات.

*** پێتوایە هێلاری کلینتن هیچ چانسێکی لە پێش بێت بۆ گەیشتن بە کۆشکی سپی؟**

– هەڵبژاردنی ژنێك بۆ سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان رووداوێکی گرنگ دەبێت، هیلاریش لەو کەسانەیە کە چانسی گەیشتنی بە کۆشکی سپی زۆرە، کاتێك مێردەکەی سەرۆك بوو ئەو هاوکاری بوو و یارمەتیشی دا تا بگاتە سەرۆکایەتیو هەروەها لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیشدا هاریکاریی کردبوو، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەزموونێکی زۆری لەسیاسەتدا هەیەو بیرو بۆچوونەکانیشی هێمنتر بوون، پێموایە دەتوانێ ببێتە سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا.

*** با هەندێك بگەڕێینەوە دوواوە، کە تەقینەوەکەی سەنتەرێ بازرگانی جیهانیی لە ١٩٩٣ روویدا تۆ سەرەکوەزیران بوویت؟**

– دەمەوێ پێت بڵێم لە ١٩٨٨ پاش هەرەسی سۆڤێتییەکان، ژمارەیەکی دیاریکراوی موجاهیدەکان لە چەکدارە عارەبەکان هەبوون لەگەڵ هەندێ لەژەنەڕاڵەکانی ئێمەو هەندێ کەسی دیکە کە لەژێر کاریگەری فیکری جیهاددا بوونو هەستیان دەکرد شکستیان بەهێزێکی مەزن هێناوەو ئامادەن رووبەڕووی هێزێکی دیکەی مەزن ببنەوە، وەك سەرەکوەزیران پلانەکەم رەتکردەوەو ڤیتۆم لە دژ بەکارهێنا، بۆیە ئوسامە بنلادن ویستی حکوومەتەکەم بڕووخێنێو ١٠ ملیۆن دۆلاری رەوانە کردبوو تا متمانە لە حکوومەتەکەم بسێنرێتەوە، بەڵام نەمانهێشت.

*** چۆن زانیت ئەو پارەیە بنلادن ناردوویەتی؟**

– بیرم کردەوە پارەکە لە عاربستانی سعوودییەوە هاتبێ، یەك لە وەزیرەکانم ناردە لای شای سعوودییە، ئەو وتبووی "نا، بێنەزیر وەك کچم وایە، هەرگیز حوکمی نالەقێنم".

*** ئەدی وردەکاری پلانەکە چی بوو؟**

– ویستیان بەرتیل بدەنە نزیکەی ٢٠ پەرلەمانتار لەوانەی سەر بە خۆمانن تا پەرتەوازە ببنو زۆرینەی پەرلەمانم لەدەست بچێو حکوومەتەکەم بڕووخێت.

*** واتە نیو ملیۆن دۆلار بۆ هەر یەکیان؟**

– بەڵێ، نیو ملیۆن دۆلار بۆ هەر یەکەیان، بەڵام من هەسپی ترواده‌م خوێندبووەوە بۆیە داوام لە هەندێ لەپەرلەمانتارەکانی خۆمان کرد تا وای نیشانبدەن کە لەگەڵیانن، بۆیە کە قەوما ژمارەکان ورد نەبوون چونکە ئەوان وایاندەزانی زۆرینەی پەرلەمانیان لەگەڵە کەچی وانەبوو، ئەوان ویستیان من لابدەن چونکە دەیانویست شەڕی هێزێکی مەزن بکەن، دواجار توانیان ١٩٩٠ من لابدەن، دوای ئەوە نەخشەی هێرشکردنە سەر هەردوو تاوەری سەنتەری بازرگانی جیهانییان کێشا، ئەگەر ئەوەی نەخشەیان بۆ کێشابوو رووی بدابا، نەوەدەکان هەردوو تاوەر دەڕووخان، هەربۆیە پاکستان لە لێواری ئەوە بوو وەك دەوڵەتێکی تیرۆریستی بناسرێت، باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە ئافریقا تەقێنرایەوە، کەشتییەکانیشیان لە یەمەن، بۆیە لەراستیدا شەڕی دژە تیرۆر لە ١٩٩٠ دەستی پێکردووە، کە حکوومەتی یەکەمی منیان رووخاندو دوای ئەوەی بوومەوە بە سەرەکوەزیران ئەمریکا داوای هاوکاری لێکردم، پێموتن بۆ بنکەیەکی FBI لە پاکستان دانانێنو بۆ نایەن بەیەکەوە تیرۆر لەناوببەین؟

*** کەی ئیدی ناوی ئوسامە بنلادنت خستە ئەو باسانەوە؟**

– ساڵی ١٩٨٩ ئەو کاتەی سعودیەپێیگوتین کە ئەوان پارەیان بۆ شڵەقاندنی حکوومەتەکەم نەناردووەو، پێیان وتین ئوسامە بنلادن پارەکەی ناردووە، ئەوە یەکەمین جار بوو کە لەساڵی ١٩٨٩ ناوی بنلادنم بیست.

*** ئەوەت بە سەرۆکی ئەمریکا وت؟**

– نا، چونکە ئەو کاتە ئەویش هەوڵی دەدا من لاببات‌و، حکوومەتەکەم بڕووخێنێت، ئەو رۆژگارە کەس باوەڕی بەقسەکانم نەدەکرد چونکە هەمووان پێیان وابوو بنلادن کەسێکی باشەو هەر ئەو بووە شەڕی ئازادی لەگەڵ سۆڤێتدا کردووەو ئەو ئەندامانەی حکوومەتیش کە گەندەڵ بوون خەڵکی باشن چونکە پلانی شەڕی سۆڤێتیان داڕشتبوو، ئەو رۆژگارە هەر من نامۆ بوومو ئەوان بەئاسانی دەیانتوانی یەکبگرنو لە حکوومەت دەرمبکەنو کردیشیان. هەر لەو دەمەی منیان وەلانا لەساڵی ١٩٩٠ تیرۆر سەریهەڵدا، ١٩٩٣ گەڕامەوەو تیرۆرم راگرتو کە لە ١٩٩٦ دووبارە دەرکرامەوە بنلادن پەیدابوو، ئەو کاتەی من سەرەکوەزیران بووم نەیدەویست خۆی ئاشکرا بکات چونکە دەیزانی من دەزانم ئەو خوازیاری رووخاندنی حکوومەتەکەمە.

*** واتە خۆی حەشار دابوو؟**

– لە سوودان بوو، دواتر خۆی حەشار دابوو، دوای رووخانی حکومەتەکەمو کۆتایی هەڵبژاردنەکان لە ١٩٩٧ یەکراست پەیدابوو، دوور نییە بەنهێنی بەردەوام لەوێ بووبێت، ناتوانم ئەوە بڵێم، ئیدی دەستی بە دامەزراندنی سەربازگەو کۆکردنەوەی چەکدار کرد.

*** تۆ ئاگات لەوە هەبوو؟**

– هەموو شتێك لەرۆژنامەکاندا هەبوو، ئەو شەڕی لەدژی ئەمریکا جاڕدابوو، دیپلۆماتکاری ئێرانی کوشتن، خەڵکی سازدەکرد. لە پەرلەماندا هەستامەوەو گوتم "ئەوە چییە لەئەفغانستان روودەدات؟" سەرۆکی حکوومەت پێیگوتم "نا، ئەفغانستان هاوپەیمانێکی ستراتیژی پاکستان دەبێت" منیش گوتم "نەخێر، دەبێ نەهێڵیت شەڕ لەدژی وڵاتانی دونیا رابگەیێننو دیپلۆماتکاران بکوژن چونکە ئەگەر رایاننەگریت ئەو شتانە کاردانەوەی بۆ پاکستانیش دەبێ" تا ئەمڕۆش بنلادن بانگەشەی کوشتنی خەڵکی میانڕەو دەکات چونکە تیرۆریستان دەزانن ئەگەر خەڵکی میانڕەوی وەك من لەحوکمدا بن ئەوان جێیان نابێتەوە، ئێستاش لەهەوڵەکانیان بەردەوامن بۆ ئەوەی ٢٠٠٧ نەگەڕێمەوە.

*** سەرۆك موشەرەف پێشتر لەئاداری ٢٠٠٥دا پێیگوتم ئەوان زۆر لە دەستگیرکردنی بنلادن نزیکبوونەتەوە، پێتوایە بەڕاستی بەدووایدا دەگەڕێن؟**

– با وای دابنێین موشەرەف بەدوای بنلادندا دەگەڕێ، بەڵام من پێت دەڵێم ئەگەر ئەو بنلادن بدۆزێتەوە ئیدی هیچ پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی نامێنێ، دونیا کە پشتگیریی دەکەن بۆ ئەوەیە تا بنلادن دەدۆزێتەوەو بەدۆزینەوەی بنلادن پشتگیریی نامێنێ ئیدی بۆچی موشەرەف بەدەستی خۆی خۆی بکوژێت؟ هەر بۆ نموونە پاکستان ئەو شەڕەی لەدژی سۆڤێت لەئەفغانستاندا بەرپاکرد، کەچی کە سۆڤێت کشانەوە ئیدی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هیچ گرنگییەکی بە پاکستان نەدا، ئەگەر من موشەرەف بم لەرێگەی دۆزینەوەی بنلادنەوە بەدەستی خۆم ژیانی سیاسیی خۆم کۆتایی پێناهێنم.

*** دەمەوێ باسێکی دیکەت لەگەڵ بکەم، ئێستا گۆڤارێکمان لە پێشە وێنەیەکی (ئەنجێلا مێرکڵ)ی تێدایە بە مایۆوە، لەشی لاواز نییەو بەروزگی هەیە، خۆ شاجوانی دونیا نییە بەم جلانەوەیە، کەچی پشێوی ناوەتەوە تۆ چی دەڵێی؟**

– هەندێ کەس دەناسم بەو شتانە تێکدەچن، بەڵام من پێموایە ئەمە شتێکی نوێیە، ئەو ژنەو نایشارێتەوە کە لەناوەڕاستی تەمەنیدایە، ئێمە کە شانزەساڵ دەبین هەموومان جیاوازین لەگەڵ ئێستا، وابزانم لەقۆناخێکی دیاریکراودا ژن دەبێ ئیدی لەخۆی رازی بێتو دڵی بەخۆی خۆش بێت، وابزانم راوێژکاری جێرمانیش مورتاحەو لەخۆی رازییە.

